**چۆلەکەپەرچە-ی زەیتوونی زەلان (86)**

سسک تالابی زیتونی
Acrocephalus palustris
Rousserolle verderolle
Marsh Warbler

١٢٫٥ سانتیمێترە. بەدەنگی دەناسرێتەوە. پشتی لە چۆلەکەپەرچەی زەلان زەیتوونیترە، چەنە و بەرچێلّەی سپیترە. لاقی گۆشتنە. برۆی قولّە و کالّە و لەشی خرپنەترە. لەنێو گیاوگۆلّی کورتەبن و نێو کەندان و کەنار چۆماوان دەژی. لەنێو گیاوگۆلّدا هێلانە ساز دەکا. (244)

**چۆلەکەپەرچە-ی ساوی (87)**

سسک ساوی
Locustella Luscinioides
Locustelle Iuscinioide
Savi’s Warbler

١٤ سانتیمێترە. وەک چۆلەکەپەرچەی زەلان دەچێ. کلکی پانە و شاپەڕی کلکی وردەوردە کورت دەبنەوە و ڕێ ڕێیە. پشتی قاوەیی مەیلەو سوورە. بەرزگی سپی مەیلەو قاوەییە و کەلەکەی قاوەیی مەیلەو خورمایین. برۆی قولّەی کالّی ئامالّ زەردی هەیە. لەسەر پنچکی قامیشەلاّن و زەلاّندا دەژی. زۆر هەیە. (243)

**چۆلەکەپەرچە-ی سەر ڕەش (88)**

سسک سر سیاه
Sylvia atricapilla
Fauvette á tête noire
Blackcap

١٣٫٥ سانتیمێترە. نێرە، تەپلّی سەری ڕەشە، پشتی قاوەیی ئامالّ بۆرە، لاجانگ و بەرزگی تەواو بۆرە، بەباڕی قاوەیی مەیلەو ڕەشە. مێیە، سەری قاوەیی مەیلەو سوورە و بەرزگی لەنێرە قاوەییترە، بەباڕی بەرزگی زەردە. لە شوێنی ڕووتی نێو لێڕواران کە پنچکی کورتی لێ ڕوابێ دەژی. لەسەر پەرژین و پنچکی دڕکاوی و داری هەمیشە سەوز هێلانە ساز دەکا. هاوینان زۆر هەیە. (254)



**چۆلەکەپەرچە-ی سەر و لاجانگ ڕەش (89)**

سسک سر دودی
Sylvia mystacea
Fauvette de Ménétries
Menetries’ Warbler

١٢ سانتیمێترە. بالّندەیەکی پڕ سەر و سەدایە. زۆرتر خۆ نەدیو دەکا. پشتی قاوەیی مەیلەو بۆرە. خڕایی کلکی ئامالّ ڕەشە و شاپەڕی کەناری کلکی سپییە. نێوچاوان و سەر و لاجانگی نێرە تەواو ڕەشە و هی مێیە قاوەییە. نێرە و مێیە هەردوو دەوری چاویان بەئالّقەیە و بەرزگیان سپییە. مێیە لە کەلەکاندا تووکی ئامالّ زەردی هەیە. ئەو بالّندە زۆرتر خۆ لەنێو پنچکاندا حەشار دەدا و کاتی فڕین کلکی قیت ڕادەگرێ. لەبێشە و نێو پنچکان دەژی. هەروەها لەنێو ئەو دۆلّ و دەرانەی کە ئاویان پێدا دەڕوا دەبینرێ. لەنێو گیا و پنچکی چڕدا هێلانە دەکا. هاوینان زۆر هەیە. (253)

**چۆلەکەپەرچە-ی سەوز (90)**

سسک سبز
Phylloscopus nitidus
Pouillot vert
Green Warbler

١٠٫٥ سانتیمێترە. پشتی ئامالّ سەوزە. بەرزگی سپییە. سینگی زەردباوە و خەتی زەردی بەبالّیدا کشاوە. لاقی کالّن. ئەو بالّندەیە بەدایم لەنێو پنچکاندا هاتوچۆ دەکا. لە لێڕەواری داوێنی شاخان دەژی. لەسەر عەرز لەنێو پنچکان هێلانە دەکا. هاوینان زۆر هەیە. (256)

**چۆلەکەپەرچە-ی سینگ ڕێ ڕێ (91)**

سسک سینە راەراە
Sylvia nisoria
Fauvette éperviére
Barred Warbler

١٥ سانتیمێترە. بەرزگی سپییە و تەواو ڕێ ڕێیە، لە مێیەدا ئەو ڕێ ڕێیە ڕوون نییە. پشتی نێرە قاوەیی مەیلەو بۆرە و پشتی مێیە قاوەییترە. ئەو بالّندەیە دوو خەتی سپی بەبالّیدا کشاوە، کەمێک لە شاپەڕی کەناری کلکی سپییە. چاوی زەردی ڕوونە. بەباڕی بەرزگی ئامالّ زەردە. دندووک و کلکی ئەستوورە. زۆرتر خۆ نەدیو دەکا. کلک هەلّدەتەکێنێ. لەنێو بێشەلاّن و پنچکی دڕکاوی و پەرژینان دەژی. لەنێو پنچکی دڕکاوی هێلانە ساز دەکا. هاوینان کەم هەیە. (254)